# له شەوانی ڕەمەزاندا گەنجان

ئا: دیار سالار

**یەکێك لەو سیمایانەی کەشەوانی ڕەمەزان لە هەموو شەوێکی تری ساڵ جیای دەکاتەوە، ئەوەیە شەوانە تادرەگی شـــەو گەنجەکان لەگازینۆو کافتریاکاندا کات بەســـەر دەبەن و زۆربەشیان هەر لەوشوێنانەدا ڕۆژدەکەنەوە، بێگومان**

### بەڕۆژ دەخەوین و بەشەوان پیاسەدەکەین

هـــاوکار عومەر یەکێکە لـــەو هەرزەکارانەی کە تا درەنگانی شـــەو لەمانگی ڕەمەزانانداا کاتی خۆی لە شـــەقامی ئیسکان دەباتەسەر و دەڵێت «ڕەمەزان بەلای منەوە زۆر خۆشـــە چونکە بەڕۆژ هەردەخەوم و و بەشەویش لە کافتریاکانی شەقامی ئیسکان کاتەکانم دەبەمەسەر، چونکە ژمارەیەکـــی زۆر لە هاوڕێیانم لەوێ کۆدەبینەوەو تادرەنگانی شـــەو دۆمینەو هەنـــدێ یاری تر دەکەین، ئێمە تەنیا خۆشـــیمان لەم مانگەدا ئەوەیە کەهەموومان کاتێکی خۆش دەبەینەسەر لەم بازاڕەدا.

### بازاڕی ئیسکان هەوارگەی گەنجانە

بەرنامـــەی ژیانم لەهەموو ڕەمەزانێکدا بەم شـــێوەیەیە چونکە بەڕۆژ ناتوانین پیاســـەبکەین لەبەر ئەوەی زۆربەی چایخانەکان وگازینۆکان چۆڵـــن و بەشـــێکیان داخراون لەبەر ئەوە ناچارین بەشـــەوان پیاســـە بکەین،ئەمە قســـەی ئارام شاهێنی تەمەن چواردەساڵان بوو، کەیەکێك بوو لەو گەنجانەی لەیەکەم شەوی ڕەمەزاندا لەبازاری ئیسکان خەریکی پیاســـەکردن بوو، ئـــارام دەربارەی هاتنەدەرەوەی گەنجان لەشـــەوانی رمەزاندا وتی» ((شـــەوانی ڕەمەزان زۆرخۆشـــە هەموو کافتریاکان کراوەن و زۆربەی چیشـــتخانەو بازاڕەکانیش دەرگایان لەسەر پشتە بۆ پێشوازی هاووڵاتیان، ئەمە بێجگە لەوەی کە هەموو برادەران بەشەوانی ڕەمەزان لە بازاڕی ئیســـکان یەکتری دەبینین، بازاڕی ئیسکان وەك سەنتەرێکی یەکترناســـینی گەنجانی هەولێرە، چونکە دەگمەن گەنج هەیە لەقۆناغێکی تەمەنیدا سەردانی ئەم بازاڕەی نەکردبێ)).

دواتر هونەر عەلی تەمەن بیستووچوارساڵ وتی (( من کەمنداڵبووم لەساڵی نەوەدەکاندا چونکە باری ئابووری خەڵك نالەباربوو براگەورەکانم کـــە ئەو کات گەنج بوون لەبەر هـــەژاری نەیاندەتوانی بگەڕێن زیاتر لەمانگـــی ڕەمەزانـــدا ڕوویان دەکـــردە مزگەوتەکان، بـــەڵام ئەمڕۆ لەئەنجامی ئەوەی باری ئابووری بەرەو باشبوون چووە زۆربەی تاکەکان



# چۆن کاتەکانیان بەسەر دەبەن

**ئەم گەنجانەش بەسەر چەند شوێنێکی جیاوازی ناوشاردا دابەشدەبن، لەوانە پارکەکان و بازاڕی ئیسکان و مۆڵەکان و شەقامی بازاری سیروان، و شەقامی باتەی ناوشاری هەولێر.**

لەمانگی ڕەمەزاندا بۆکات بەسەربردن ڕوودەکەنە بازارو مۆڵەکان، من وەك گەنجێك مووچەیەکی باشم هەیەو ئێوارەی لێدێت تادرەنگانی شەولە بازاڕی ئیسکان بەئارەزووی خۆم پارە خەرج دەکەم .

## گەنجان دەتوانن کاتێکی خۆش بەرنەسەر

ئەیوب حەمەد ئەمین کورێکی تەمەن سی وپێنج ساڵان بوو لەگەل کۆمەڵێك هەرزەکاردا خەریکی یاری بلیارد بوون سەبارەت بەوەی کە گەنجەکان بۆکات بەسەربردن شەوان ڕوودەکەن بازاڕو مۆڵەکان وتی(( گەنجانی ئەمڕۆ زۆر بەختەوەرن چونکە دەساڵ بەر لەئیستا گەنجەگان هیچ شوێنێك نەبوو ڕووی تێبکەن بەڵکوو تەنیا لەمانگی ڕەمەزان ڕوویاندەکردە مزگەوتەکان و خەریکی خواپەرستی بوون بێجگە لەوەی کە ئەو کات گەنج هەمووی هەژاربوو لەبەر کارکردن نەیان دەتوانی سوود لەگەنجێتیان وەربگرن بەڵام ئێستا بەو شێوەیەنییە شەوانە هەزارەها گەنج بۆ ڕابواردنی کاتێکی خۆش ڕوودەکەنە مۆڵەکان و یانەکان و هەرهیچ نەبێت بازاڕەکان بوونەتە هەوارگەیەکی ڕابواردن بۆ هەموو گەنجان.

ژمارەیەکی تر لەگەنجەکان لەکافتریایەکەی نازەمۆڵ دانیشتبوون کە ژمارەکی زۆریان خەریکی نێرگەلەو جگەرەکێشان بوون، کەوتمە وتوێژ لەگەڵیاندا یەکێکیان خۆی بە ئازاد عەلی ناساند وتی ئێمە زۆربەی شەوان دێینە ئێرە بەڵام رەمەزانان زیاتر چونکە لەمانگی رەمەزاندا بەرۆژ هیچ کام لەشوێنەکان خۆشنین زۆربەی خەڵك نوستوون بەڵام بەشەوان خۆشن بەتایبەتی ئێمە کۆمەڵێك گەنجین دەمانەوێت تەماشای کچان بکەین و شەوانیش زۆربەی مۆڵەکان پڕدەبن لەخێزانەکان و خەڵك لە ماڵ دێنە دەرەوە .

ئەوەی کە جێی نیگەرانی بێت هەندێك لەم گەنجانە کە شەوان تا درەنگان لە شەقامەکانن فەرمانبەری دەزگاکانی حکومەتن بۆیە لە کاتی دەوامی ڕۆژانەدا مرخەیان دێت بەسەر مێزی کارکردنەوە..








# د. بەشیر حەداد:

# بەرۆژبوون یەكێكە لەو پەیمانە سروشتیانەی خودا بۆ مرۆڤی داناوە

**د. بەشـــیر خەلیل حەداد مامۆســـتایی ئایینی ووتاربێژی مزگەوتی جەلیل خەیات لەدیمانەیەك لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا باســـی مانگی ڕەمەزان دەكات و ئامۆژگاری بۆ موســـڵمانان هەیە و دەڵێت بە ڕۆژو بوون سودی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە.**



**د.بەشـــیر ســـەرەتا باس لە پیرۆزی مانگی ڕەمەزان دەكات و دەڵێـــت:** میللەتی كورد كە زۆربەیان موسڵمانن بەرۆژووبوون لەو مانگەدا وەك پایەیەكی گرنگی ئیسلام دادەنێن. چونكە یەكێك لە پێنج پایەكانی ئیسلام یەكیان رۆژووە. خوای گەورە وەكو فەرزێك بەســـەر موسڵمانی داناوە، ئەو مانگە لە هەموو بوارێكەوە جیاوازی هەیە، لەبەرئەوەی تاكە مانگە خوای گەورە لە قورئان ناوی هێناوە. كاتێك دەفەرموویێت(**شَهْرُ رَمَضَانَ الَّـــذِىَ أُنزِلَ فِيه الْقُـــرْآنُ**) مانگێكی تایبەتە لە پاراستن و پاڕانەوە لەخودای گەورە وەكو، نوێژی تەراویح و زەكات و ســـەرفیترە. هەروەها چەندین فەرموودەی پێغەمبەر ئاماژە بـــەوە دەكات كە ئەو مانگە كە خواپەرســـتی چەند قات پاداشـــتی هەیە، خوای گەورە ئەو مانگەی وەكو وێســـتگەیەك داناوە بۆ ئەوەی مرۆڤـــەكان تێیدا بەخۆیـــان دابچنەوە، ئەگەر سەیر بكەین دەبینن ئیسلام چەند وێستگەیەكی داناوە بۆ ئـــەوە مرۆڤ بەخـــۆی دابچێتەوە، بـــۆ نموونە: پێنج فەرزە نوێـــژ كردن و نوێژی هەینی و هەروەها مانگی ڕەمەزان كە لە ساڵی جارێكە، هەروەها فەریـــزەی حەج كە مروڤ جارێك دەتوانێ لە هەموو تەمەنیدا حەج بكات و پەیامی خوی نـــوێ بكاتەوە لەگەڵ خوای گەورە، ڕەمەزانیش یەكێكە لەو وێســـتگانەی كە مرۆڤ دەتوانـــێ پەیوەندی خوی لەگەڵ خوای گەورە نوێ بكاتـــەوە و بەهێزی بكات و لاپەرەیەكـــی نوێ لە ژیانـــی هەوڵبداتەوە، ئەمەش یەكێكە لە حیكمەتەكانی ئەو مانگە. لەو مانگەدا خوا پەرستییەك هەیە بە ناوی بە رۆژوو بوون، ئەمەش قەدەغە كردنی خواردن و خواردنەوەیە تا ئێـــوارە بەڵام ئامانج تەنیا هەر ئەوە نییە كە خـــواردن و خواردنەوە نەخۆیت و نەخۆیەوە، بەڵكو ئەوە بۆ ئەوەیە مرۆڤ ئیرادەو ویســـتی بەهێز بێت و خۆڕاگـــر بێت لەبەردەم نەفـــس و ئارزووەكانیدا، بۆیە بـــەرۆژوو بوون یەكێكـــە لەو پەیمانە سروشـــتییەی كە خوای گەورە بۆ مرۆڤەكانی داناوە، برسیی بوونیش بۆ ئەوەیە كە مرۆڤ هەســـت بە مەینەتی خەڵكە برســـییەكان بكات و خۆشەویستی و لێبوردەی یارمەتی و خێری هەبێت.

**نوێژی تەرواویح سوننەتە و خێری زۆر زۆرە**

**د. بەشـــیر لەبارەی نوێـــژی تەڕاویح وتی :**

نوێژی تەرواویح ســـوننەتە و خێری زۆر زۆرە، بۆیە زۆرباشـــە هەوڵبدرێت لـــە مزگەوت بە جەماعی بكرێت، بەڵام ئەگە هاتوو كەســـێك نەخۆش بـــوو یان بۆی نەكرا بچێتە مزگەوت، ئەوا دەتوانـــێ لەماڵەوە بیـــكات و بەتەنیاش بیكات و پاش نوێژی عیشاش بیكات ئاسایە، هەروەها ئاســـاییە ئافرەت لەگەڵ براكانیشی نوێژ بـــكات. چونكە لەســـەردەمی پێغەمبەر

ئافرەتەکان لەگەڵ پیاوەکان نوێژیان دەکرد ئەو کات خەڵك کراوەتر بوو، بەڵام ئێستا شوێنی ژن و پیاوەکان جیاوازە، زۆر ئاساییە ئافرەت دەتوانێ پێنج فەرزە نوێژ لە مزگەوت بکات.

### پێویستە ڕاگەیاندنەکان گەنجەکان بەئاگا بێننەوە

**سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەی لاوەکانیش مامۆستا بەشیر وتی:** ئامۆژگاریم ئەوەیە کە گەنجان بگەڕێنەوە سەر ئەو ئایینە بۆ ئەوەی زۆر بە جوانی و بەپاکی شارەزای ئایینی ئیسلام نەبوون، بۆیە ئەوەندە لە دینەکەی خۆیان شارەزا نین، ئەگەر جوانی ئایین بزانن ناتوانن بەربیدەن بۆیە ئەوانەی شارەزایی چاکی و سوودی بەڕۆژوو بوون ببەن، ئەوە هەرگیز لەو فەرزە خۆیان بێبەش ناکەن، لەبەر ئەوەی مرۆڤ دوو لایەنی هەیە رووحانی و مادی، لایەنی مادی ئێسك و خوێن و گۆشتەکەیە چون ئەو لایەنە بەردەوام پێویستی بە خۆراك هەیە بۆ ئەوەی گەشە بکات، لایەنە روحانییەکەش بەهەمان شێوە پێویستە ئەو لایەنەی خۆی بە خواپەرستی دەوڵەمەند بکات و بۆ ئەوەی بەردەوام هەست بەدڵ خۆشی و تێر بونی لایەنی دەروونی بکات. بۆیە پێویستە ئەو گەنجانە خۆیان تاقی بکەنەوە کە چەند رۆژێك بەڕۆژوو بن، بەڵام بۆ خوا بەڕۆژوو بن، چونکە ئەوەی خوای خۆشویست و بۆ خوا هەرچی بکات هەرگیز ئەمرەکانی خوای گەورە فەرامۆش ناکات و ئەو کات دەزانێت و خوای گەورە حەلاڵەکانی بۆچی حەلاڵ کردووە و، حەرامی بۆچی حەرام کردووە. بۆیە ئامۆژگاریان دەکەم کە لەوە تیبگەن ئایینداری واتە خۆشەویستی و لێبوردەیی، بێگومان ئەوە ئەرکی ڕاگەیاندنەکانە کە گەنجەکان بە ئاگابێننەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئایین لە مەترسیەکان دەیانپارێزێت.

### خۆنەپۆشین گوناحە و خێری ڕۆژووەکەشت کەم دەکاتەوە

**مەلا بەشیر لەبارەی نەپۆشینی لەچك وتی:** بە ڕۆژوو بوون و نوێژ کردن و خۆپۆشینی ئافرەت یەکێکە لەفەرمانەکانی خودا، زۆر کەس هەیە یەکێك لەفرمانەکانی خودا جێبەجێ ناکات، ئەوەی نوێژدەکات و بەڕۆژوو دەبێت، بەڵام خۆی دانا پۆشێت، خۆداپۆشین یەکێکە لەفەرمانەکانی خودا، باشەئەگەر نوێژو ڕۆژووەکەی بۆخودایە بۆچی خۆی داناپۆشێت، خۆداپۆشینەکەشی هەر بۆخودایە، ئەگەر خوی بەبەندەی خودا هەژمار دەکات ئەوا بەندەی خودا ناتوانێت بەئارەزووی خۆی فەرمانەکانی خودا جێبەجێ بکات. جا ئامۆژگاریم بۆخوشکانی بەرێز ئەوەیە خۆپۆشینیشتان هەر لەبۆخودابێ، خۆنەپۆشینت گوناحت بۆ دێنێت و خێری ڕۆژووەکەشت کەم دەکاتەوە، ئەگەر ئافرەت خۆی بۆ خەڵك جوان کردو جەستەی خۆی بۆخەڵك دەرخست، ئەوا ئەوخەڵکانەی کە سەیری دەکەن و پێی سەرگەردان دەبن، تووشی گوناح دەبن، ئافرەتەکەش بەهەمان شێوە تووشی گوناح دەبێت، چونکە ئافرەتەکە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو خەڵکە تووشی گوناح بێت. زۆرێك لەئافرەتان هەست دەکەن لەمانگی ڕەمەزان تەنیا پۆشینی سەرپۆشە جلەکانی تەنکە یاخود تەسك و کورتە لەگەڵ نیوە سەر پۆشێك دەکات، دەڵێت تەواو من خۆم پۆشیوە بەڵام ئەمە نابێتە خۆپۆشین دەبێت هەموو بەرزی و نزمی خۆی داپۆشێت جلێکی درێژ بپۆشێت. بەداخەوە ئەمڕۆ ئافرەتەکانمان بەهۆی جلی تەسك وکورت و تەنك هەمووجەستەی خۆیان بەدەردێخن، راستە جلی لەبەردایە بەڵام هەموو سروشتی لەشی بەدەرەوەیە. فەرموودەیەکی پێغەمبەر هەیە دەفەرموێت «ڕۆژێك دادێت جلیان پۆشیوە، بەڵام رووتیشن» ئومێدەوارم خوشکان لەم مانگەدا جلێکی موسڵمانانە بپۆشن.

**ئەگەر هاتوو نەخۆش لە توانایی نەبوو هەموو ڕۆژ لەسەر یەکتر بەڕۆژوو بێت ئەوا دەتوانێت دوو ڕۆژ جارێك بەڕۆژوو بێت**

### هاوسەران دەتوانن لەشەوانی مانگی ڕەمەزان لەیەك نزیك ببنەوە

**مەلابەشیر سەبارەت بەلێکنزیك بوونەوە لەمانگی ڕەمەزاندا دەڵێت:** بەڕۆژوو بوون واتا خواردن و خواردنەوە خۆدوورخستنەوە لەدامێن، واتا سێکس کردن، ژن و مێرد لەنێوارە تا بانگی بەرەبەیان ئازادن ئەگەر کاری سێکسیش ئەنجام بدەن، بەڵام لەکاتی بەڕۆژوو بوون ئەوە قەدەغەیە، خودایە گەورە دەفەرموێت: (بۆتان حەڵاڵە ژن و مێرد لەشەوانی مانگی ڕەمەزان لەیەك نزیك ببنەوە)، ماچ کردنیش لەکاتی بەڕۆژوو بوون باش نییە زۆربەی زانایان دەڵێن ڕۆژی پێدەشکێت. هەندێك ریوایەتمان هەیە کە پێغەمبەر(د.خ) کەبەڕۆژووش بووە بەڵام خێزانی خۆی ماچ کردووە بەڵام هەر کەسێکی وەکو پێغەمبەر دەتوانێت خۆی ڕابگرێت، هیچ کاریگەرییەکی بەسەرەوە نەبێت. لەوانەیە ئەو ماچ کردنەی پێغەمبەر (د.خ) تەنیا بۆدڵ خۆشکردنەکەی خێزانەکەی خۆی بێت، دەنا هیچ کاریگەرییەکی سێکسی لای خۆی دروست نەکردووە، گەنجی ئێمە ناتوانن لەمانگی ڕەمەزان ئەم کارە بکەن چونکە ناتوانن خۆیان ڕابگیردرێت وەکو پێغەمبەر (د.خ) بۆیە لێك نزیك بوونەوە لەمانگی ڕەمەزان قەدەغەیە.

### خودای گەورە خۆشەویستی داناوە بۆ گەیشتن بە پرۆسەی هاوسەرگیری

**د. بەشیر ئەوەش دەخاتەڕوو:** کەمانگی ڕەمەزان بۆخۆی مانگی خۆشەویستییە ئاینی ئێمە هەمووی واتا خۆشەویستییە، حەز دەکەم راستییەك بزانین کە خۆشەویستی چەمك و واتایەکی پیرۆزە، چونکە هیچ دەنگی نییە بۆیە زۆر کەس زوڵمی لێدەکات و زۆر کەس بەناوی خۆشەویستی ئەوەی ناشیرین و قێزەونە دەیکات. ئەگەر خۆشەویستی زمانی هەبوایە دەیوت درۆدەکەن ئەمە خۆشەویستی نییە، کەی ئەمە خۆشەویستییە زیان بەخۆت بگەیەنێت. خودای گەورە خۆشەویستی لەنێوان نێرو مێدا داناوە، نێرو مێ وەکو دوو جەمسەری موگناتیس وایە ئەگەر ئەم خۆشەویستییە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك نەکرێت دەبێتە کێشە لەنێو کۆمەڵگا هەر کەسێك بەناو یەکێکی خۆشەویست بەڵام دوای ماوەیەك بەرێدا، ئەوە خۆشەویستی نییە، خودای گەورە دایناوە خۆشەویستی لەپرۆسەی هاوسەرگیرییەوە بێت .

### نەخۆش دەتوانێت دوو ڕۆژ جارێك بەڕۆژوو بێت

**د. بەشیر وەك باسی دەکات و دەڵێت:** بەڕۆژوو بوون بەردەوام سوودی هەیە لە کاتێکدا دکتۆرە بیانییەکانیش دانیان بەوە ناوە کە بەڕۆژوو بوون سوودی بۆ مرۆڤ هەیە و ئامۆژگاری نەخۆشەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی بەڕۆژوو بن، هەروەها هەندێك جۆری نەخۆشی هەیە لەسەر راوێژکاری پزیشکێکی راستگۆ بێت، ئەگەر ئەو پزیشکە ڕێگای داو پێیگوت ئەمە زیانی بۆ حاڵەتەکەی تۆ هەیە ئەوە دەتوانی بەڕۆژوو نەبێت و دوای رەمەزان بیگرێتەوە، چونکە خوای گەورە خۆی دەفەرموێت »ئەگەر نەخوش بێت یاخود لە سەفەربێت دوای ڕەمەزان بیگرێتەوە یاخود ئافرەتی دووگیان کە لە مانگەکانی کۆتایی بوو ئەو کات دەتوانی بە رۆژوو نەبێت« هەروەها منداڵەکانمان ئەگەر بینیمان زۆر بێ تاقەت بوون، پێویستە دایك و باوك پێیبڵێن ڕۆژوە کە بشکێنیت بۆ نیوەڕۆ دوای ئەوە پێبڵێت لەگەڵ ئیوارە بۆت دەبەستینەوە بەیەکتر، خۆی بەستنەوەی ڕۆژوو لە ئیسلام دانییە، بەڵام ئەوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکەیە بۆ ئەوەی بتوانی لە داهاتوو فێرە بەڕۆژوو بن بێت، بەڵام ئەگەر بینیان منداڵەکە توانای هەیە تا مەغریب بەڕۆژوو بێت ئەوە با بیگرێت و بۆ ئەوە فێربێت ئەمە وا دەکات ڕاهێنان بکات. ئەگەر هاتوو نەخۆش لە توانایی نەبوو هەموو ڕۆژ لەسەر یەکتر بەڕۆژوو بێت ئەوا دەتوانێت دوو ڕۆژ جارێك بەڕۆژوو بێت.



## گەنجێکی حەبخۆر دەستگیر دەکرێت

مەفرەزەکانی نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی رۆژئاوای شاری هەولێر رۆژی ٢٠١١/٨/١ گەنجێکی تەمەن ٢٣ ساڵانیان دەستگیر کرد کە دانیشتووی گەڕەکی سەڵاحەدینە، ئەوەیش بە تۆمەتی فرۆشتنی حەبی سۆمەردیل.

(م،ح) دەستگیر کراوە بە بەکارهێنانی حەبی سەرخۆشی کردن و پیشەی خۆی کاسبە، دوای دەستگیر کردنی و وەرگرتنی وتەکانی و چۆنیەتی دەستگیرکردنی خۆی بە پۆلیسی راگەیاند و وتی: لە رێکەوتی ٢٠١١/٧/٢٩ کاتژمێر شەش و نیوی ئێوارە هاوڕێیەکەم بە ناوی (د) هاتە لام و ١٨ پارچە حەبی سۆمەردیلی پێدام بۆ ئەوەی بیخۆم و سەرخۆش بم، منیش خواردم و دوای ئەوە سەرخۆش بووم، کارمەندانی نەهیشتنی تاوانی رۆژئاوا دەستگیریان کردم.

لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێر بە گوڵانی ڕاگەیاندرا کە دادوەر پەڕاوەکانی ڕێکخستووەو تاوانبار دەستگیر کراوە بەپێی مادەی ٥٠، هەروەها بڕیاریداوە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو دەرمانسازش بکرێت کەو ئەو پارچە حەبانەی لێکڕاوە.



## لەسەر پارە براکەی خۆی دەکوژێت

لە ناحیەی دارەتوو دوو برا لەسەی کێشەیەکی پارە کە لەنێوانیاندا ڕوودەدات لە ئاکامدا برایەکیان لەسەر دەستی براکەی تری دەکوژرێت.

لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر پێی راگەیاندین شەوی ٢٠١١/٧/٢٦ لە دارەتوو کەسێك بە ناوی (ر،ف)ی تەمەن ٢٥ ساڵە کوژراوە دوای ئەوەی چەند گوللەیەکی کلاشینکۆفی لەسەری دراوە لەلایەن براکەیەوە بە ناوی (ك،ف) .

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ئەوەشی ئاشکرا کرد، هۆکاری کوشتنەکە بۆ بوونی کێشەی پارە لە نێوانیان ودواتر یەکێکیان تاوانی کوشتنی برای خۆی ئەنجامداوەو تاوانبار هەڵاتووە، دواتر پشکنین بۆ شوێنی ڕووداوەکە ئەنجامدراو دەستگیرا بەسەر دوو چەکی کلاشنکۆفدا، هەروەها تەرمی (ر،ف)یش ڕەوانەی پزیشك دادی کرا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ڕووداوەکە بکرێت.

راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر ئەوەشی راگەیاند کە دادوەر بە پێی مادەی بڕیاری داوە٤٠٦ تاوانبار دەستگیر بکرێت و وتەی شاهیدەکانی ڕووداوەکە وەربگیرێت.

## ژنێک مێردەکەی ژەهر خوارد دەکات

ئافرەتێك بە بیانووی ئەوەی هاوسەری خۆی بە دڵ نەبووە و بە ویستی خۆی ژیانی هاوسەریی لەگەڵی پێك نەهێناوە، لە تۆڵەی ئەمەدا هەستاوە بە ژەهر خواردکردنی هاوسەرەکەی و خوشکی.

شەوی ٢٠١١/٧/٢٤ نەخۆشخانەی رزگاری ئاگادار کراینەوە پۆلیسی ئاگادار کردەوە بە بوونی حاڵەتی ژەهر خواردکردنی دوو کەس بە ناوەکانی (م،ع) و (ب،ع)، لەم بارەیەوە پۆلیسی هەولێر رایگەیاند کە کەسێك بە ناوی (م،ع) و تەمەن ٢١ ساڵە لەگەڵ خوشکەکەی بە ناوی (ب،ع) لەدایکبووی ١٩٩٤و کچی ماڵەوە ژەهر خواردوو کراون.

بەپێی ڕاگەیاندنی پۆلیس (م،ع) و خوشکی لەلایەن (ه،م) کە دەکاتە هاوسەری (م) ژەهر خواردوو کراون هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە (ه،م) هاوسەرەکەی خۆی بە دڵ نەبووە و بە ناچاری مێردی پێکردووە بۆیە ژەهر خواردوی هاوسەرەکەی و خوشکەکەی کردووە.



## منداڵێکی چوار ساڵان بەزنجیر دەبەسترێتەوە

چەند کەسێك منداڵیکی تەمەن چوار ساڵانەیان بە زنجیر بەستەوە و هۆکای بەستنەوەکەش دیار نییە و کاتێك خاڵی منداڵەکە هەولی رزگار کردنی داوە رێگایان لێی گرتووە.

رێکەوتی ٢٠١١/٧/٢٥ کەسێك بە ناوی (ە،ب) لە بنکەی پۆلیسی شادی سکاڵا لە دژی چەند کەسێك تۆمار دەکات بە ناوەکانی (ی،ت) و (ی، ت) کە کوڕی (ت،ی)ن لەگەڵ ئامۆزاکانیان بەناوی (د) و (ن) کە دەکەنە کوڕی (ص،ی) بە تاوانی ئەوەی منداڵێکی خوشکی (ە،ب) کە تەمەنی ٤ ساڵانە بە زنجیر بە ستویانەوەو لێیانداوە، هەرچەندە (ە،ب) ویستویەتی منداڵی خوشکەکەی ئازاد بکات و بیکاتەوە، بەڵام ئەوان نەیانهێشتووە و بەردەوام بوون لەسەر بەستنەوەی ئەم منداڵە تەمەن چوار ساڵییە، بەڵام هۆکاری بەستنەوەی بە زنجیر و لێدانی ئاشکرا نییە.

سەبارەت بەم کێشەیە بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند کە دادوەر بڕیاری داوە تاوانباران بە پێی مادەی ٤١٣ ئامادە بن لە دادگا و لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەگەڵ بکرێت، بۆ زانینی هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم کارە دژ بە منداڵێکی تەمەن چوار ساڵی.

# داوای لێبوردن لە ژنەکەت بکە..!



**محەمەد ئەحمەد**

هەمووان هەڵە دەکەن، بەڵام کەمن ئەوانەی ئازایانە داوای لێبوردن و پۆزش دەکەن لەو هەڵانە، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە هەڵەکارە، مێردبوو. پیاوان جیاوازن لە کەسێتی و رەفتار نواندنیاندا، هەیانە پۆزش دێنێتەوە، هەیانە کێشە دروست ناکەن و داوای لێبووردنیش ناکەن، هەشیانە بەتەواوەتی پۆزشهێنانەوە ڕەتدەکاتەوە، بەو پاساوەی ئەو کردارە لە شکۆمەندی و مەزنی پیاوان بەرامبەر بەژنەکانیان دێنێتە خوارەوە.

دیارە دەروونناسان کۆمەڵناسان وئەو جۆرە کەسێتیانەی داوای لێبووردن ناکەن، بە کەسێتییەکی نائاسایی و ناجۆر لەقەڵەم دەدەن. زۆرێك لە ئاین و لۆژیك و مەعریفە جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو کەسەی هەڵەیکرد پێویستە پۆزش بێنێتەوەو داوای لێبوردن شیاوەو پێویستە. خۆبەزلزانین و چاوپۆشیکردن لە هەڵەی خود، رەفتارێکی مەدەنی و شارستانییانە نییە، دەبێتەهۆی دروستکردنی ڕق و کینە.

ئەو مێردەی لەبەرخاتری دانەبەزاندنی شکۆمەندی خۆی بەرامبەر بە ژنەکەی پۆزش بۆ هەڵەکانی خۆی ناهێنێتەوە، ئەوە خاوەنی کەسێتییەکی نەخۆش و نائاساییەو چەواشە پەروەردە کراوەو بە هەڵەش لە ژیان تێگەیشتووە. لە هەموو ئایینەکاندا هاتووە کە مرۆڤ پێویستە لە هەمبەر هەڵەو خراپەکارییەکانیدا پۆزش بێنێتەوەو تۆبە بکات، ئەوەش کاری پیاوچاکان و ئاکاربەرزەکانە. چونکە مرۆڤی ئاکاربەرز دەزانێت هەموو کەسێك شایانی ئەوەیە کە هەڵە بکات و لێی پەشیمان ببێتەوە و پۆزش بۆ ئەوانە بهێنێتەوە کە لێوەی نزیکن، نزیکترین کەسێك بۆ هاوسەرانیش هەر خۆیانن.

ئەو کەسەی داوای لێبوردن دەکات خاوەنی کەسێتییەکی بەهێزو کامڵە، هەست بەسنووری خۆی هەست و نەستی ئەوانەی دەوروبەری خۆیەوە دەکات. پیاوەتی لەوەدا نییە کە بوغرا و خۆپەرست بێت، بەڵکو رێزگرتن لە ژن و ئەوانی دیکە پیاوەتی نێر دەردەبڕێت. ئەو مێردەی کە پۆزش بۆ ژنەکەی دێنێتەوە، ناشکێت و بچووك نابێتەوە، بەڵکو گەورەتر و شکۆمەنتر دەبێت، بەهای بەرزتر دەبێتەوە و دەبێتە وانەیەك بۆ پیاوەتی و رێز و خاکەڕایی. بەپێچەوانەوە، لاوازی لەوەدایە کە هەڵەکان بشاردرێنەوە.



# دڵی مێردەکەت ڕابگرە

**توێژەری دەروونی: ئاشتی عەبدوڵا**

دەڵێن پیاو بە چاوەکانی خۆشەویستی دەکات و ژنیش بە گوێیەکانی، کەواتە ژن داخوازە هەمیشە گوێی لە قسەی خۆش و بەتام بێت و پیاویش داخوازە چاوی لە جوانی و شۆخ وشەنگی بێت. ئەم وتەیە تاڕادەیەکی زۆر ڕاستە، پێویستە تا سەر ئەم وتەیە بەردەوام بێت، ژنی کەیبانۆی خێزان، گرنگی بە هەموو شتێ دەدەن خۆیان نەبێت. دەبێ ژن ئەوەی باش لەبیر بێ کە چۆن یەکەمجار مێردەکەی بینی خۆی بۆ ڕازاندبۆوەو بۆن و ماکیاج و کراسی پوولەکەیی بۆ لەبەردەکردو ڕازاوەبوو، دەبێت پاش پرۆسەی هاوسەرگیری هەر بەردەوام بێت.

دەبێت هەمیشە کراسی جوان و بۆنی خۆش و ماکیاجی تەنك و ناسك بەکار بێنێت و کاتێك ئەو لە کار دەگەڕێتەوە تەنیا بەو بینینەی تۆی ژنی ڕازاوە ماندوویێتی دەڕەوێتەوە. ئەگەر تۆ قژێکی ئاڵۆسکاو و جلێکی چەوری دێزت لەبەردا بێت تەنیا لە کرێکارێکی ئارەقاوی چڵکن دەچیت. بیرت نەچێتەوە کە پیاو بە چاوەکانی ئەویندارێت دەکات، پیاو داخوازە شتی ڕێکوپێك و رازاوەو ناسك و دڵڕفێن ببینێت. دەبێت تۆش بەشێك بیت لەو جوانی و ناسکی و قەشەنگییە. ئەگەرنا ئەو بێئومێدو دڵتەنگ دەبێت.

ئێلینا پاسکال، پسپۆڕی پێوەندییەکانی هاوسەرێتی لەمبارەیەوە وتوویەتی:»دوای پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێت تۆی ژن گرنگی زیاتر بە خۆڕازاندنەوەو ماکیاج و بۆنی خۆش و قژی ڕێك و پۆشاکی ناسك و دڵڕفێتر بدەیت، ئەگەرنا تۆ دەبیتە کەیبانوی نێو ناندین (موبەق) و دادەی ژووری مندالان و بۆنی چەوری و ڕشانەوەی مندالَ و ئارەقەی رۆژگار مێردەکەت کاسدەکات، بۆیە بە ناچاری بەدوای کچ یان ژنێکی لە تۆ ناسکترو شۆخترو بۆن خۆشتردا دەگەڕێت».



# ڕەوشتی بەڕۆژووبووان لە مانگی ڕەمەزان

**ئەگەرچی مرۆڤ لەهەر ساتێکدا پێویستی بەوەیە ئەو ڕێنماییانەی یەزدان لەوپەیام و قورئانەی لەئاسمانەوە بۆی دابەزاندووە پابەندبێت، بەڵام مانگی ڕەمەزان وەك لەئاییني ئیسلامدا هاتووە مانگی خۆتەرخانکردنی تەواوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی کەیەزدان لەمرۆڤی داوادەکات، کە دیارترینیان خۆدوورخستنەوەیە لەخواردن و خواردنەوەو زیاتر نزیك بوونەوەی لەیەزدان لەپێناو خۆشبوون لەوهەڵانەی کەکردوومانە.**

### بەو مانگە پیرۆزە قسەوقسەڵۆك بەردەوامە

ئیسرا عباس فەرمانبەرە لە یەکێك لەدامودەزگا حکومیەکان، تەمەن ٢٧ ساڵە دەڵێت» لەوکاتەی کە بەبیرم دێت خەڵك تەنیا لەمانگی ڕەمەزان خۆیان برسی و تێنوو دەکەن کەچی لە بردن و هێنانی قسەو قسەڵۆکەکانی خۆیان بەردەوامن. بەراستی لەناو ئەو فەرمانگایەی من دەوامی ڕۆژانەی لێدەکەم کە لەم مانگەشدا ڕەمەزان لە نێوان فەرمانبەرەکانی ئێرە قسەو قسەلۆك و باس کردنی خەڵك بە باشەو خراپە بەردەوامە بۆیە ئەم هەڵسوکەوتانەی دەیکەن ریز گرتن لە ڕەمەزان هیچ رۆڵێکی تێدا نەمێنێت»

### لەبەر بوونی گەرما ناتوانم خۆم کۆنترڵ بکەم و تورە نەبم

سامان حەمید ئەو گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵە خوێندکارە دەڵێت» لە ڕاستیدا لە ڕەمەزاندا زۆر هەوڵدەدەم خۆم کۆنترۆڵ بکەم زوو هەڵنەچم و قسە بەکەس نەڵێم، بەڵام بە دەست خۆم نییە کاتێك هەندێك هەڵسوکەوت دەبینم بەو برسێتیە و گەرمایە هەڵدەچم ئیتر تووشی قسەی ناشرین دەبم و دوای ئەوە پێمدەڵێن ئەوە تۆ بەرۆژوو بویت ئەو هەموو قسە ناشرینەت کرد ئەی ئەگەر بەرۆژوو نەبوای، بۆیە داواکارم لە گشت خەڵکی و شوفیرەکانی شەقامەکان هاوکاری یەکتر بکەن لەو مانگە پیرۆزە بۆ ئەوەی کەس ڕووبەڕووی بێ ڕێزی و گوناح نەبێتەوە لەو مانگە پیرۆزە»

### ڕەمەزان لێبوردەی گشتی بۆ موسڵمانانە

مەلا و شارەزا لە ئایین مامۆستا ئەبوبکر دەڵێت» مانگی ڕەمەزان ئەو مانگە پیرۆزەیە کە خوای گەورە فەرمانی داوە بە بەندەکان بە رۆژووبن و خۆیان لە گوناح و خواردن و خواردنەوە بپارێزن، بەڵام هەر بە مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ نەخوات و نەخواتەوەو خۆی تینوو برسیی بکات ئەوە بەرۆژووە نەخێر بەڵکو پێویستە دەم و زمان و گوێچکە و چاوەکانیشی بەرۆژوو بێت و لە گوناح کردن بیپارێزێت و بۆ ئەوەی ئاگاداری خۆی بێت و لە بەرۆژوو بوونەکەی تەنیا ماندوو بوونی بۆ نەمێنێتەوە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت «من صام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه» لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مانگە بۆ بەخۆداچوونەوەیە لەو هەڵانەیە کە ئەنجامان داوە».

### پێویستە لەو مانگە لە تورە بوون دوور بکەوینەوە

توێژەری کۆمەڵایەتی بڕیار محمد دەڵێت» ئەوەی لەو مانگە خوای گەورە لەسەر بەندەکەی فەرزی کردوە ئەوەیە کە هەستن بە خۆداچوونەوە لە هەموو لایەنێکەوە بەڵام بە داخەوە ئێمە هەڵە لەم مانگە گەیشتوین پێمان وایە تەنیا مەبەست لێی نەخواردنی یەکێك لەژەمەکان و خۆ ماندوو کردنە، ڕاستە وەك گوتمان ئەمە یەکێك لەداواکان، ئەویش بەهۆی لەدەستدانی کۆنترۆڵی ئارامیەوە لەم مانگەدا، من بۆخۆم لەواقیعەکەدام رۆژانە دەبینم ئەم خەڵکە لەسەر ئەعصاب دەژی، تەنیا ئەگەر خاوەن ئوتۆمبێلەکان بەنموونە وەربگرین و ئەم حاڵەتە بەڕوونی دەبینین، ئەگەرچی ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی لێکی بدەینەوە ئەگەین بەوەی کەئەمە حاڵەتێکی چاوەڕوانکراوە، بۆیە پێویستە ئەوە بزانین، یەکێك لەداواکانی یەزدانت( کە گەورەترینیانە) پەیڕەوی بکەین بەڕۆژوو بوونی ئەندامەکانی جەستەشمانە، هەروەها دەرئەنجام ئەم هەڵچوون و تورەبوون و خۆڕانەگرییە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ئاڵۆزکردنی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانمان، کەئەمەش شتێکی نەخوازراوە.



ســـوێندتان بۆ دەخۆم ئەم بەســـەرهاتەی کە دەیگێڕمەوە؛ هێندەی تیژی نەشتەری برینسازێك بۆ دۆزینەوەی برینەکانی هەموو ئەو عاشـــقانەی کە قەدەر پێکیان ناگەیەنێـــت تیژو کاریگەرە، لەوەیە بپرسن ئەمە چ بەسەرهاتێکە؟؟

بەبیرم دێ تەمەنم دوازدە ســـاڵانێك دەبوو، بە بینینی ئەم ڕووداوە داچڵەکیم و لە هەموو ئەو کتێبانـــەی دواتردەمخوێندنەوە؛ زیاتر ڕوانینی منی بۆ خۆشەویســـتی و دنیابینی گۆڕی، لەوێندەرێ لە (گەڕەکی مەڵکەندی) کە پەڕســـێلکەکان بە ئێواران ڕیتمێکی خۆشیان لە ئاسمان دەســـوو، هێمنییەکی دێرین و میهرەبان باڵی کێشابوو بەسەر گوێســـەبانەی خانووە دارینەکانی ئەو گەڕەکەدا کە خانووەکانی بۆنی تەڕایی گڵی هەبوو، لە کۆڵانێکیاندا کیژو کوڕێك لە دوو بەرە بابەوە بە پەرۆشـــییەکی بێ وێنەوە هۆگر بە یەکتری ببوون، کاتێك بە نهێنی و لە تاریکایی شـــەوێکی سپیدا یەکەمین باوەشیان بە یەکتردا کرد، شایەتحاڵی ئەو لە ئامێزنانەی هەردووکیـــان بووم، هەردووکیان لە خۆشـــییاندا فرمێســـکیان لە چاواندا قەتیس ما و ســـوێندیان دەخـــوارد کە تا ماون یەکترییان خـــۆش بوێت، زۆر بەختیارو کامـــەران بووم کە دەمبینی ئەم دوو عاشـــقە بۆ ئەوینە میهرەبانەکەی خۆیان ورەیان بەرزە، هەستێکی پرشنگداری درەوشاوە نیگاکانمی دادەگرت، دیمەنی جێژوانەکانیان لـــە دوورەوە نیگاکانمیان بەلای خۆیاندا پەلکێش دەکردن و لە ناو حەسیرکانی سەربانی ماڵی کیژەی بۆشناخدا وەك دوو کوکوختی بە گوێی یەکتردا دەیانچرپاند و دەخەنینەوە، بزە هاتە ســـەر لێوم، بـــەر لەمانیش بەبیرم دێت یەك جاری تر بزەی وا هاتبووە ســـەر لێوانـــم، ئەویش لە تەمەنی حەوت ســـاڵیمدا کـــە لەگەڵ کیژە پوورەکانمدا چووینە دەشـــتاییەکەی دامێنی تانکییە گەورەکەی تـــووی مەلیك و بۆ ئـــەو گژو گیایانە بزە هاتە ســـەر لێوانمان کە شـــنەی با شـــانەی دەکردن، لەو کاتەوە وەك نەرمە بای ئەو عەســـرە ڕۆژە دڵم نەرم بوو، واماندەزانی تووی مەلیك بۆ ئێمەی منداڵ وڵاتێکی فەرامۆش و چۆڵ کراوە تا بەدوای پەپوولەکاندا هەڕابکەین، ئەو دوو پەپوولە عاشقەی گەڕەکی خۆمان زۆر جەسوورانە بوون، کلیان لە چاوانم دەدزی، کاتێك بەسەر دار تووەکەی حەوشەکەمانەوە لێم دەڕوانین، وامدەزانـــی ئەم دوو گیان و یەك دڵەی ئەو دوو ڕۆحە عاشقە بەسەر لەپە دەستی فریشتەکانی ئاسمانەوە تا ئەبەد پارێزراو دەبن، تا ئەو شەوەی شریخەی دەستڕێژێکی گوللە هەموو گەڕەکی لە سەربانەکانەوە بە ئاگا هێنا، کە کاتێك بیستم کوڕەی عاشق لە ناو خوێنێکی هەناریدا گەوزاوە وەختە بوو دڵم لە ســـینگمەوە بێتە دەرەوە، تومەز ئەو شـــەوەش وەك شەوانی تر نامەی لە قاوغە شقارتە نابوو تا لە بن دارێکی ناو باخچەی ماڵی کیژەی دابنێت و بۆ بەیانی زوو بەو وشانە عەترپرژێنی سەرخوانی دولبەرەکەی بـــکات، برایەکی کیژەکە کە بەردەوام کڵاشـــینکۆ فێکی لە ژوور ســـەری خۆیدا دەخەواند، ئەو شەوە تارماییەکی هەست پێکردبوو کە بە ناو باخچەکەیاندا دێت و دەچێت، وای زانیبوو چەتەو دزێکە هاتـــووە بۆ زیان گەیاندن پێیان، چەند جارێك بۆی لە هاواردابوو، بەڵام کوڕە عاشـــقەکە ڕایکردبوو، ئەمیـــش پەنجەی نەزانانەی خســـتبووە ســـەر پەلەپیتکەی تفەنگ و ڕیزێك فیشـــەکی بۆ تارماییەکە ڕەوانەکردبوو، بەدحاڵی بوونی برای کیژەکە تاوانێکی نایـــەوەو هەواڵێکی جەرگبڕانەی بەهەموو شـــارەکە گەیاند، ئەو هەواڵە بۆ منیش سووتانی قەف قەفی لۆچەکانی شاخی گۆیژە بوو، کشـــانی ئەســـتێرەیەك بوو کە هەرگیز لە یادوەریم و لەبەر دیدم ناســـڕدرێتەوە، چەند ساڵێك دوای ئەو ڕووداوە جارێکیان لە بۆنەیەکدا دانیشتبووین، کوڕێکی باریکەلەی درێژ باسی شتێکی کـــردو لە نکاوڕا وتی (ئەها ئەوێ ســـاڵێ کـــە لە ماڵی فلان هەتیوەکەیـــان پێکابوو کە بۆ مێبازی ئاودیوی حەوشـــە ببوو)، هەرچەندە بە دەساڵێك لە من گەورەتر بوو بەڵام بەبەرچاوی باوکم و باوکی ئەویشـــەوە بە تووڕەیی و پڕئەوکی گریانەوە پێم وت (تۆ بوختانچیت)، ئەویش وتی (ئینجا تۆ بۆچی وا خۆت تێك ئەدەیت خـــۆ برای باوکت نییـــە)، لەو کاتەدا وەك بابەتێکی بەرهەســـت ڕۆچوویوومە ناو ڕابـــردوو، چونکە کاریگەری ئەو ڕووداوەم لێ تێنەپەڕی بوو، بۆیە خەریك بوو لەســـەر زاری ئەو کوڕەعاشقەوە بەرگری لە عەشقێك بکەم، چونکە لەو دووانەوە ئیدی من فێربووم کە بێ بوونی عەشـــق لەســـەر ئەم زەمینە ئەو گونجانەی نێوان بوونـــەوەرەکان کە پێویســـتە بۆ ژیان؛ تێك دەچـــن، ئەو گونجانە خودی سروشـــت و جیهانی یەکخستووە، هەرچی ڕەوشت و ئایین و کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانست و فەلسەفەشە، هەموویان بە دروســـتکردنی دەمامکەوە خەریکن تا دەسەڵاتی عەقڵ بخەنەوە ســـەر رووخساری پڕ بەرائەتی عاشقێك کە بە ناسکی و لە دڵەوە دەڕوانێتە مەعشـــوقەکەیی و دنیای دەوروبەریشی، دەگمەنن ئەو مرۆڤانەی عەشـــقیان لە ناخدا نەڕوابێت، گەرچی زۆربەشـــیان ژێرلێوی دەخەن.

